**وەزارەتی ناوخۆ**

## بەیان ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٢

ئاماژە بە نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٨٧١٩ لە ٢٠١٢/٤/٣ ) تایبەت بە دیاری کردنی سنووری گوندی ( دەرگەزێنی بابە علی ) و کۆنووسی ناحیەی بازیان ژمارە (١٠) لە٢٠١١/١١/١٣ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە : -

دیاری کردنی شوێنی گوندی سەرەوە و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ لەسەر پارچە زەوی ژمارە ( ١/٧ ) بە رووبەری ( ١٣ ) دۆنم و پارچە زەوی ژمارە ( ٨ ) بە رووبەری ( ١٠ ) دۆنم وەکو لە نەخشەی دیاریکراوە .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٢/٤/٢٢ ٠

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیان ژمارە ( ٤٦ )

بەپێی ئەو دەسەلاٌتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی (بەشی دادی سۆران) سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٤/٢٩

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**